گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# پۆستەرە شیعر لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا

**م. پەروین عبداللە خضر**
بەشی زمانی کوردی، کولێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
barween.khudhur@su.edu.krd

**پ .د. فواد رەشید محەمەد**
بەشی زمانی کوردی، کولێژی پەروەردەی بنەرەتی، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
Fuad.mohammd@su.edu.krd

## زانیاریەکانی توێژنەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢٢/٥/١٣
پەسەندکردن: ٢٠٢٢/٦/١٢
بڵاو کردنەوە :بەهار ٢٠٢٣

**ووشە سەرەکییەکان**
*Pictorial Poetry, Economic, Lightning, Amazing End Form.*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.8.1.3

## پوختە

ئەم توێژینەوەیە لەژێرناو نیشانی (پۆستەرە شیعر لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا) دایە. هەوڵدەدات لەچواچیوەی شیعریی کوردیدا فۆرمی (پۆستەرە شیعر) بخاتە ڕوو . هەردەقێکی شیعری لەدووبواری سەرەکی کاری لەسەردەکرێت ئەویش (فۆرم ، ناوەڕۆك) ە . لەم توێژنەوەیەدا باس لەفۆرمی شیعری دەکەین .
فۆرمی شیعریی پۆلێن دەبێت بۆ دووبەشی سەرەکی ئەویش فۆرمی شیعری (درێژ و کورت)ە . لەرووی مێژووییەوە فۆرمی شیعریی کوردی بەچەند قۆناغێك تێپەڕیوە،هەرقوتاغەو تایبەتمەندی خۆی هەیە . لێرەدا تیشك دەخەینە سەر فۆرمی (پۆستەرە شیعر)کە هەڵمان هەڵبژاردووە. چەمك وزاراوەی پۆستەرە ، سەرەتای سەرهەڵدان پۆستەرەشیعر و ئەدگارکانی پۆستەرە شیعر دەخەینە ڕوو .
دەسنیشانکردنی چەند دەقێکی پۆستەرەشیعری ، لەگەڵ پراکتیزەکردنی بنەماو ئەدگارەکانی پۆستەرە شیعر لەچەند دەقێکی شیعریدا.
گرفتی لێکوڵینەوەش بنەماو بەشەکانی توێژینەوەکەی لەسەربنیاتدەنرێت ،لەبەرامبەرئەمەشدا (ئەنجامی لێکوڵینەوە)دا ئەنجام وبەدەستهێنانی

گرنگی توێژنەوەکەی تێدا تۆماردەکرێت کەخاڵی هەرەگرنگ ئەوەیە شاعیران لەهەندێ دەقی پۆستەرە شیعریدا نەیان توانییوە بەتەواوەتی زاڵبن بەسەرفۆرمی کورتدا.

## پێشەکی:

شیعر خاوەن مێژوویەکی دێرینە لەئەدەبیاتی جیهانیدا ،ئەدەبی کوردییش لەم ڕیرەوە مێژوویەدا بێ بەش نەبووە. لەڕووی مێژوویەوە شیعرگۆرانکاریەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە . هەر گۆڕانکاریەك لەبواری سیاسی ، ئابووری وکۆمەڵایەتی ڕووبدات کاریگەری لەسەر ئەدەب دروست دەکات، گۆرانکارییەکانیش کاریگەری لەسەر (ناوەڕۆك وفۆرم)ی شیعری دەبێت ، مەرج نییە گۆڕانکارییەکان هەردووبوار بگرێتەوە.

**ناونیشانی توێژینەوە:** پۆستەرە شیعر لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا

ئامانجی توێژنەوە: دەستنیشانکردنی فۆرمی پۆستەرە شیعرە لەئەدەبی هاوچەرخی کوردیدا، پۆستەرە شیعر فۆرمێکی نوێیە زادەی بیری شاعیرانی هاوچەرخە .ئاوێتە بوونی دووژانری ئەدەبییە لەناو یەك دەقی ئەدەبییدا.

گرفتی توێژینەوەکە : ئەم توێژنەوە گرنگییەکەی لەناونیشانەکەیەوە بەدەردەکەوێت ، ئەویش بەدەستنیشانکردنی فۆرم پۆستەرە شیعر ە ،لەگەڵ ئەوەشداجیاکردنەوەی فۆرمی پۆستەرە شیعر لەفۆرمەکانی دی کورتە شیعردا .

پلانی توێژنەوەکە : لە پێشەکی و دووبەشی سەرەکی لەگەڵ ئەنجام ولیستی سەرچاوەکان وکورتەی باسەکە بەزمانی عەرەبی وئینگلیزی پێکهاتووە.

**بەشی یەکەم : بەناونیشانی چەمك وناسینی پۆستەرە شیعر**

لەم بەشەدا باس لە(چەمك وناسینی پۆستەرە شیعرو سەرهەڵدانی پۆستەرە شیعر )لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا دەکات .

بەشی دووەم : لەژێرناونیشانی ( ئەدگارەکانی پۆستەرە شیعر لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا) یە

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەم بەشەدا تیشك خراوەتە سەرئەدگارەكانی پۆستەرە شیعر ، بنەماكانی پۆستەرە شیعرلەچەند دەقێكدا پراكتیزەدەكەین .

گرفتی توێژینەوەكە : ناسین وجیاكردنەوەی فۆرمی (پۆستەرە شیعر) لەفۆرمی شیعرییە كورتەكانی دی.

رێبازی لێكوڵینەوە : رێبازی شیكاری رەخنەیی بەكارهاتووە .

## بەشی یەكەم :

## (1-1) چەمك و ناسینی پۆستەرە شیعر

لەناو رەخنەی شیعری هاوچەرخی كوردیدا چەندین زاراوەی جیاواز ، لە بەرامبەر شیعری كورتدا بەكاردەهێنرێت. یەكێك لەم زاراوانە (پۆستەرە شیعر)ە، تا ئێستاش لە ئەدەبی كوردیدا شاعیران لە بەرامبەر وشەی (پۆستەرە شیعر) دا كۆك نین. (د. فؤاد رشید) ئاماژە بە هەندێ زاراوە دەكات وەك: ((پێگەش شیعر، شیعرەسات، دڵۆپە شیعر، رستە شیعر، پۆستەرە شیعر، كورتە شیعر، كۆپلە شیعر، خونچە شیعر، پشكۆ شیعر، بروسكە شیعر، كەڤالە شیعر)) .(رشید، 2007: 72). لەناو گوتارە ئەدەبی ورەخنەییەكاندا بەكارهێنراون .

لە رووی بنیادی وشەكانەوە ،وشەی لێكدراون. وشەی (شیعر)ە لەناونانی فۆرمەكە هاوبەشە، زاراوەی (پۆستەر، كورت، كۆپلە، خونچە، پشكۆ، بروسكە، كەڤاڵە) ئەمانە لەگەڵ وشەی شیعردا بەكارهاتوون . لەراستیشدا ئەمانە هەموویان دەلالەتێكن بۆ فۆرمەكە، هاو واتاو هاوسنووری یەكترین كە فۆرمێكی كورتە.

زاراوەی (كورت) لەناو زمان و ئەدەبی كوردیدا، زاراوەیەكی روون و ئاشكرایە، بەتایبەتی لەناو دەقی شیعریدا، واتا بە كەمترین وشە گوزارشت لە بیرێكی قووڵ بكات و زۆرترین مەبەست قووڵترین واتا بپێكێت. چربوونەوە بۆ ناخی وشەكان تایبەتمەندی (پۆستەرە شیعر) دیاری دەكات.

ئابووریكردن لە وشە و بەخشینی مانای زۆر لە پۆستەرە شیعردا پوختی و كورتی دەق دیاری دەكات (( پوختە شیعرە، زەرەبنێكی زۆر حەساسە، چرو مەزوعییە، پێویستە بە كەمترین وشە زۆرترین مەبەست بدات بە دەستەوە)) (كەسنزانی، 2007: 18). بەكارهێنانی زاراوەی (زەرەبینێكی زۆر

حەساسە) جەخت لەسەر ڕووداوێك دەكرێتەوە،كە وەكو زەرەبین ڕووداوەكە گەورە دەكات و پەرش و بڵاوی دەكاتەوە. بوشرا كەسنەزانی ئەم پێناسەیەی (شێركۆ بێكەس) بە ناتەواوی لە قەڵەم دەدات و دەڵێت: ((ئەگەر چڕ بێت ئەوا ناشێت بابەتی بێت و ئەگەر بابەتیش بێت ناشێ بە چڕی لە قەڵەم بدەین)) (كەسنزانی، 2007: 18- 19) .

لە ساڵانی حەفتاكان شاعیر (شێركۆ بێكەس) ئاگاداری جموجۆڵی ئەدەبی بووە لە باشووری عێراقدا، لەگەڵ ڕۆشنبیرانی ئەو كات لە یەكتری نزیك بوون. شاعیربەشێكی سەردەمی ژیانی خۆی لە بەغدا بەڕێكردووە ((بەغدای پایتەخت، چاوی ژیان و شـــیعری منی كردەوە)) (بێكەس، 2013: 198) . شـێركۆ بێكەس لە ڕووی ڕۆشـــنبیری و نوێخوازییەوە لەژێر كاریگەری ئەدەبی عەرەبی ، بەتایبەتی ئەدەبیـاتی ئەوكـاتی عێراقیـدا بووە . ئەوكـات جۆرە شـــیعرێـك بـاو بووە لەژێر نـاوی (القصـــیـدة الموضـوعیة) بووە، ئامانج لەو الموضـوعیە ئەوەیە جەختكردنە لەسەر یەك بیرۆكەی سەرەكی لەناو دەقەدا هـیـچ بـیـرۆكەیەكـی لابەلا تـێـكەڵ بە دەقەكە نەكـرێـت . هـۆكـارێـكـی دی كـاریـگەری لەسـەرشـیعرەكانی شـێركۆ بێكەس هەبووە كارە هونەرییەكانە ((شـێركۆ بێكەس لەژێر كاریگەری شـــیعری نـاوچەق- مەوزووعی عەرەبەكـان لەگەڵ كـاری هونەری و وردەكـاری هێلكـارییەكـانی هونەرمەند (ئیســـماعیل خەیات) كە ئەو كاتە بە زەرەبینی كاری دەكرد كەوتە نووســـینی ئەو جۆرە شیعرانە)) (عبدالواحد، 2011: 164).

هونەرمەند و وێنەكێش (ئیسماعیل خەیات) و شتە وردو بچووكەكانی دەخستنە ژێرمیكرۆسكۆب وێنەكانی گەورە دەكرد دەیخستە بەر دیدی بینەر. ڕەخنەگرونووسەر (ئەحمەد تاقانە) دەڵێت: ((كاك ئیسماعیل شتە وردەكان دەخاتە ژێر میسكرۆسكۆبەوە و وێنەمان بۆ دەكێشێت و پێوەندیی ئەو وردیلانەمان بۆ دەردەخات)). (تاقانە، 2012: 31)

شاعیر لەناو دەقێكی شیعریدا، دوو ژانری ئەدەبی ئاوێتەی یەكتری كردووە ئەویش شیعرو پۆستەرە. پۆستەر هونەرێكی وێنەییە ، وێنە كێش هێلكاری بۆدەیكێشێت ، كەچی (شیعر) مامەڵە لەگەڵ دەنگ ، وشەو ڕستە دەكات. لەئەنجامی ئاوێتەی بوونی ئەم دوو ژانرە ئەدەبییە فۆرمێكی شیعری نوێ لە دایك دەبێت. ((پۆستەر سەر بە جیهانی شێوەكاری و نیگاركێشانە و بریتییە لە كاغەزێكی چاپكراو

كە دروشمێك، یان وێنەیەكی بەرانبەر و ڕاستەوخۆی لێ دەكێشرێت و لە شوێنێكدا هەڵدەواسرێت وتا بینەر بەخێرایی زانیارییەكان لەبارەی بابەتەكەوە وەربگرێت)) (دەشتی، 2021: 82).

ئەمە تایبەتمەندی  پۆستەرەشیعرە شاعیر سوودی لە هونەری پۆستەر وەرگرتووە، چۆن بینەر بەرامبەر پۆستەرێك ڕادەمینێت بە خێرایی زانیاری بەدەست دەكەوێت لە پۆستەرە شیعریشدا هەمان تایبەتمەندی هەیە.

((هۆی ئەو ناوزەدكردنەشی ئاڕاستە و بەرجەستە بوونی (وێنا)ی شیعری بوو، كە هەستی بینینی دەخستەگەڕ بۆ كەشفی وێنەی ئۆبژێكتیڤ)) (معرفت، 1295: 138). لە پۆستەرە شیعردا دیدگای نووسەر بۆ هەڵبژاردنی بابەتی شیعرەكە گرنگە، كەئەو وێنە هەستیانە بەردیدی شاعیر دەكەوێت بۆ دەقێكی شیعری و وێنەیەكی شیعری سوودی لێوەردەگرێت . ((شیعری كورت زادەی بەرهەم و هەڵوێستی سۆزدارییەكی ڕووكەشی نییە، بەڵكو بۆ كارتێكردن و كاریگەری شیعرە لە كۆتایی دەقەكە پێویستی بە وروژاندن و ڕاچڵەكینە)) (الكبیسی، 1992 : 243) . بۆبنیادنانی شیعری كورت، پێویست ناكات هەست و سۆزەكان زۆر سادەو ساكاربن، بەڵكو بە پێچەوانەوە، زۆرجار ساتە سۆزدارییەكان زۆر ئاڵۆزن، ئەم ئاڵۆزیەش وایكردووە چڕبونەوە لە وشەدا ڕووبدات.

پۆستەرە شیعر ((بریتییە لە بەرجەستەكردنی شیعر لە تابلۆیەكی بچكۆلانە، كە وەكو پۆستەرێكی بچووك دەكەوێتە بەرچاو، خورپەیەكی شاعیرانە، یان حاڵەتێكی دەروونی لە ناكاو، یان بابەتێكی كتوپڕ دروستبووە، یان ساتەوەختێكی شێك یان حاڵەتێك، یان ڕووداوێك لە خۆ دەگرێت)) (عبدالله، 2019 : 320).

د. ئیدریس عەبدوڵلا هەروەكو ڕەخنەگرەكانی دی ئاماژە بە كورتی ، وێنەی تابلۆ و پۆستەر دەكات، زیاتر لەمە باسی باری لەناكاو و باری دەروونی دەكات، وێنە شیعرییەكان بە بەرنامە داڕێژاو بنیات نەنراون، بەڵكو هێزێكی سروش بەخشی لەپڕ بە مێشك و دەروونی شاعیردا دێت و دەیخاتە ڕوو.

### (1 -2)  سەرهەڵدانی پۆستەرە شیعر لە شیعری هاوچەرخی كوردیدا

پۆستەرە شیعر زادەی بیری شاعیرانی  هاوچەرخە، لەگەڵ هاتنە ئاراوەی بزوتنەوەی نوێخوازی لە ئەدەبدا ، ئاوێتەی بوونی ژانرەكان و فرە ژانری لە ئەدەبدا سەریهەڵدا .ئەدەبی كوردیش  لەم نوێخوازیە بێبەش نەبووە . لێكولەران وڕەخنەگران بە دووديدی جیاوازیان دەربارەی ئەم فۆرمە

نوێیانەی لەناو ئەدەبی هاوچەرخ دەبینرێت. بەشێکیان سەرەتای سەرهەڵدانی پۆستەرە شیعر بۆ ئەدەبی کۆن دەیگەڕێنەوە، بەشەکەی دیکەیان بۆ ئەدەبیاتی ڕۆژئاوا دەیگەڕێنەوە. ((من لەم بڕوایە دام ئەم شیعرە بچووکانەی ئەمڕۆ کە ناویان نراوە (پۆستەر) شێوەیەکی پێشکەوتووی -چوارینە- کەیە)) (عبدالواحد،1978: 3).

فۆرمی چوارین یەکێکە لە فۆرمە دیارەکان شیعری کۆن دەتوانین لە ئەدەبی کوردیدا مێژووەکەی بگەڕێنەوە بۆ چوارینەکانی (بابە تاهیری هەمەدانی). ((سەرەتای ئەم هونەرە لەنێو ئێمەی کورددا لە بابا تاهیرەوە دەست پێدەکا، لەلای گەلانی تریشی لە عومەری خەییامەوە)) (عبدالواحد،1978: 4) .هەمان بۆچوون نووسەر (ئەحمەد تاقانە) ئاماژەی پێ دەکات،کە ڕەگ و ڕیشەی پۆستەرە شیعر لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا بوونی هەبووە.

چوارین ((بریتییە لە شیعرێك لە دوو دێڕی شیعری عەرووزی پێکهاتووە، واتە چوار نیوە دێڕە شیعر. نیوە دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەم لەسەر یەك قافیە دەبن، بەڵام نیوە دێڕی سێیەم دەگۆڕێت ( AA BA)، ئەمە چوارینی بێ گون (گونك)ی پێ دەڵێن. خۆ ئەگەر هەر چوار نیوەدێڕەکە لەسەر یەك قافیەبن ئەمەیان چوارینی تەواویان پێ دەوترێ)) (خەزنەدار، 2001: 161) .لە ئەدەبی کوردیدا فۆرمی (چوارین یان دوو بەیت) هەیە. ئەویش ((بەو جۆرە هەڵبەستانە وتراوە کە چوار دێڕی هاوکێش پێکهاتبن. ئەم چوار دێڕەش هەندێ جار یەك قافیەیان هەبووە و هەرسێ دێڕی یەکەم و دووەم و چوارەمی جووتکردووەو تەنها دێڕی سێیەم بێ قافیە بووە یاخود هەر چوار دێڕەکەی هاوقافیە بوون)) (عەلی،1998: 24). شمیسا ئەو جیاوازیەی کە لە نێوان چوارینەکاندا هەیە بۆ قوناغەکانی شیعری دەگەڕێنێتەوە . ((قۆناغی یەکەمە هەر چوار نیوە دێڕیەك یەك قافیەیان هەبوو، بەڵام چوارینی نوێ نیوە دێڕی (1، 2، 4) یەك قافیەن و دێڕ (3) قافیەی جیاوازە))(شمیسا ،1394: 295). (چوارین)یش لە سەرەتای سەرهەڵدانیدا بەپێ ڕۆژگار گۆڕانکاری بە خۆیەوە بینیووە.

تایبەتمەندیەکانی چوارین لەگەڵ لە پۆستەرە شیعردا جیاوازن . چ وەك ناوەڕۆك باسی لێوە بکرێت، یان لەرووی فۆڕمەکە سەیری بکرێت. ((چوارینەکانی شاعیری بلیمەت (عمر الخیام) نموونەن، بەڵام وەك چۆن قەسیدەی تەقلیدی جێی قەسیدەی تازەی درامی ئەمڕۆ ناگرێتەوە، تاقیکردنەوەی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

چوارینەش، چ وەك ناوەڕۆك و چ وەك شكڵ، ناچێتە جێی ئەو كورتە شیعرانە و دوو دنیا لێك جیاوازن)) (عومەر، 2001: 32).

نووسەر (ملكۆ ئەحمەد) بیروبۆچوونەكەی ((ئازاد عبدالواحد))بەتەواوەتی رەتدەكاتەوە دەداتەوە،كەپێوایە پۆستەرە شیعر بنەماكانی بۆ چوارین دەگەڕێتەوە. (ملكۆ ئەحمەد) دەڵێت: ((عەرەبەكان و ئینگلیزەكان و ئەوروپییەكان، دەمێكە دەقۆكەی شیعری كەوتووەتە ناو دیوانەكانیانەوە، بە پێچەوانەی بۆچوونەكەی مامۆستا ((ئازاد عبدالواحد)) كە پێی وایە پۆستەرە شیعر و فۆرمە كورتەكانی دیكە، شێوەیەكی پێشكەوتووی چوارینە كلاسیكیە كوردییەكەیە، دەشێ چوارینە زەمینەیەك بێت یان بەردێك بێت لە دیواری كورتیلە شیعری نوێدا، بەڵام گەر بێژین لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەوا بۆچوونێكی لاوازە و زێدەڕەوییە)) (ئەحمەد، 2018: 113).

شاعیر (شێركۆ بێكەس) تایبەتمەندی و خەسڵەتی چوارین دەخاتەڕوو، جیاكاری لە نێوان چوارین و پۆستەرە شیعریەكانی خۆی دیاری دەكات. لە ((چارینەدا وردبوونەوەی زەینیە (سیفەتی زاڵ - تأملان ذهنیە) لەم تاقیكردنەوەیەی لای مندا بە زۆری ((جماد)) جێگەی زیندەوەر ئەگرنەوە ئەدوێن و ئەڕۆن و ئەبنە بریكارێكی بابەتی دەوروبەر، پەلكە گیایەك ... قوتوویەك، شووشەیەك مەرەكەب .... پەڵە هەورێ .... دیارە من مەبەستم ئەوە نییە بڵێم ئەمە یەكەمجارە ((جماد)) ئەبزوێنرێ ... خۆ لە زۆر كۆنەوە هەر لە چیرۆكی منداڵاندا سەدان نموونەی ئەم وێنانەمان بەرچاو ئەكەوێت، بەڵام بەكارهێنانەوەی بە شێوەیەكی جیاوازتر. تێكەڵ بە ڕوانینی هاوچەرخانە و ناوەڕۆك و شكستێكی دەوڵەمەندتر و نوێ ترەوە)) (عومەر، 2001: 32).

شێركۆ ئاماژە بە وردیلەی و كەرستە فەرامۆشكراوەكان دەكات دەیخاتە نێو قاڵبی شیعری گیان بەبەر مادە بێگیانەكان دەهێنێت. ئەم دیاردەیە لەلای شاعیرانی دی بەرچاو دەكەوێت، بەڵام مەرجی نییە فۆرمەكە ،فۆرمێكی پۆستەرە شیعر بێت. شاعیر (شێركۆ بێكەس) بە پێچەوانەی (فەلسەفەی بە سوود – الفلسفة النفعية) كە (سانت سیمۆن)ڕابەرایەتی دەكرد . سوور بوو لەسەر ئەوەی كە بابەتی بە سوود و شتی بە سوود لە ئەدەبدا نیشان بدرێت. لە ئەدەبی هاوچەرخیش كەرەستە بێ گیان و فەرامۆشكراوەكان دێنە ناو دەقی شیعری دیمەنی جوانی بە كەرەستەكان دەبەخشێت، ئەگەرچی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ئەم دیاردەیە لە شیعر نوێی کوردیدا بەرچاو دەکەوێت، بەڵام وەك شیعر مامەڵەی لەگەڵ کراوە نەك پۆستەرە شیعر. بۆ نموونە لە شیعری (جوانی بێ ناو)ی گۆراندا شاعیر دەڵێت:

کـانییەکی ڕوونی بەر تریفەی مانگەشەو
لــە بنیـا بلــەرزێ مــرواریی زیغ و چەو،
جوانترە لە لای من لە دەریای بێ سنوور
شــەپۆلی باتە بەر تیژگی ڕۆژ شڵپ و هووڕا (گۆران، 2004، 46)

((ئەو چوارینەی ئەمڕۆکە ناوی بووە بە (پۆستەر) هۆی ئاڵۆز بوونی باری ژیانی ئادەمیزاد ئەو پێشکەوتنە شارستانیەی بەسەری داهاتووە، لەگەڵ ئەو کێشەیە یەکاچوو وانەی لە ئەمڕۆکەدا لە ئارادایە، وایکردووە شێوەی ئەو چوارینەی دوێنێ بگۆڕێت و بە تەکنیکێکی هاوچەرخەوە بێتە پێشەوە)) (عبدالواحد، 1978: 3). لایەنی لێکچوون و جیاوازی لە نێوان پۆستەر و چوارینّدا هەیە. فۆرمی چوارین چڕو خەستە، بەڵام فۆرمی پۆستەر لەگەڵ ئەوەی چڕو خەستە سروش بەخشیشە.
((پۆستەرە شیعر بریتییە لە چڕکردنەوەی تێڕوانینەکانی شاعیر لە ناو چەقێکدا بە شێوەیەکی خەست و قووڵ))دا (عبدالواحد، 2011: 165) . لە ئەدەبی هاوچەرخدا شاعیر (شێرکۆ بێکەس) ((بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1975دا ئەم زاراوەیە لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا و بەناوی (( دە پۆستەرە شیعر لە پێشانگەی شیعرێکی کۆچەر)دا بەکارهێناوەو دە نموونەم خستە پێش چای خوێنەران)) (عومەر، 2001: 30).
ڕەخنەگر (ئەحمەد تاقانە)ش هونەری (کۆلاژ) و (پۆستەرە شیعر)ی لەبڕی یەکتر بەکارهێناوە ((ئەوەی من ئاگام لێی بێت، بۆ یەکەم جار (عەباس عەبدوڵلا یوسف) لە شیعری کوردیدا وشەی (کۆلاژ)-واتە پۆستەر-ی بەکارهێناوە)) (تاقانە،2012: 29).
ئەحمەد تـاقـانە نەیتوانیوە جیـاکـاری لە نێوان فۆرمی شــیعری و تەکینـك (هونەر)ی بکـا. کۆلاژ تەکنیکێکە لەناو شــیعری هاوچەرخدا بەکاردەهێنرێت ،ئەم تەکنیکە خزایە ناو ئەدەب شـــاعیران سوودیان لەم تەکنیکە بینی ، کەچی پۆستەرە شیعر فۆرمێکی شیعری هاوچەرخە.

پۆستەرە شیعر پەیوەندی بە هونەری شێوەکاری هەیە. شیعر خزاوەتە نێو جیهانی شێوەکاریدا کاری شاعیرلە کاری وێنەکێش هیچی کەمتر نییە، شاعیر بە وشە ورستەی شیعری شتەکان دەخاتە بەر دیدی خوێنەر، وێنەکێش بە هێلکاری و ڕەنگ دیمەنەکانمان دەخاتە بەر دیدی بینەر.

((هونەرە جوانەکان هەر لە سەرەتاوەو لە سەدەمی (گریك)دا لە پێنج بەشدا پۆلین کراون (ئەدەب، نیگارکێشان، پەیکەرتاشی، سەماو مۆسیقا). لەو ناوەدا هونەر ئەدەب و بەتایبەتیش ژانری شیعر وەك بەشێك لە هونەر جوانەکان، توانیویەتی سوود لە هەموو هونەرەکانی دیکە وەربگرێت و هەر یەکە بە جۆرێك ئاوێتە و ئاوێزانیان بێت)) (دەشتی، 2021: 82) .

نووسینی شیعر هونەرە، سەلیقەو دەسترەنگینی شاعیر رۆڵێکی سەرەکی لەنووسینی شیعرداهەیە، دنیای شیعری شاعیر پڕە لە گومان ئەگەر ئەو گومان و فرە ڕەهەندیە نەبێت شاعیر بەرەو داهێنان و کەشفی هونەری و ئەدەبی نەدەچوو ئەوکات حاڵەتی گوزارشتی شیعری هەر لە ئاستی سادەیی دەمایەوە.

پۆستەرە شیعر ((لە ناوەڕاست و کۆتایی ساڵانی حەفتاو هەشتایەکی سەدەی ڕابردوو، لەناو شاعیران و خوێنەراندا شێوە شیعرێك بەدەرکەوت و باس و خواسی زۆری لێکەوتەوە لەو کاتەدا کە زۆر شاعیر خاوەن بەهرەو توانست کەتنە نووسینی ئەم جۆرە شیعرەو کاریان تێدا کردو کەوتنە بەرهەمهێنانی، کە بە (پۆستەرە شیعر) و (بروسکە شیعر) و (شیعری مەوزوعی) ناویان دەبرد)). (عبدالواحد، 2011: 162).

ساڵانی حەفتاکان وەچەرخانێکی باش بوو لە بەردەم ئەدەبی کوردیدا بەتایبەتی لەشیعردا ، کۆمەڵێ فۆرمی جیاجیا لەنێو ئەدەبی کوردی هاتە مەیدان ئەگەر هەر فۆرمێك لە فۆرمەکان سەیربکەین ڕەگ و ڕیشەیی لە ئەدەبی گەلاندا یان لە ئەدەبی کۆندا هەیە. لە ئەدەبی کوردیدا بە هەمان تەکنیك هەمان شێواز نییە. هەر لە فۆلکلۆرەوە هەتا ئەمڕۆدا چەندین فۆرمی جیاوازمان هەیە، ئەگەر بە ناو شیعری کۆندا گوزەر بکەین چەندین دەقی کورت وەك: (تاك، چوارین، دوو بەیتی، پارچە) بەرچاومان دەکەوێت .لە ئەدەبی عەرەبیش بە هەمان فۆرم (الیتیم، النتفه، فصعة، قصیدة...) بوونی هەیە.

(ملکۆ ئەحمەد) بۆچوونی وایە کورتیلە شیعر بە هەموو جۆرەکانییەوە سەرچاوەی دیاری هەیە لەناو مێژووی ئەدەبدا دەڵێت: ((لە ئەدەبی گەلاندا، لە هونەری ئیپگراماو هایکوەو، سەرچاوەیان گرتووە،

بەڵام ئەدەبی هەر میللەتێك لە بنەڕەتدا بناغەیەکی خۆیەتی هەبووە، کە بەوەتە ئینجا یەك بۆ چەکەرەکردنی دەقۆکە یان دەقی بچووك، بۆ نموونە: لە ئەدەبی کوردیدا، هەندێ فۆرمی شیعری گۆرانمان هەیە وەك: (تاك، چوارینە، دوو بەیت، پۆستەرە شیعر) (ئەحمەد، 2018: 112) .لە شیعری کۆندا بەدرێژایی مێژوو دەقی بچووك بوونی هەبووە، بەڵام گۆرانکاری بەخۆیەوە بینیوە . ئەمەش پەیوەستە بە فراوان بوونی ئەندێشەی نووسەر و ئاشنابوون بەدنیای ئەدەبی وڵاتانی ڕۆژئاوا و پەیدابوونی ئەزموونی زیاتر. لە ساڵانی حەفتاکاندا پۆستەرە شیعر فۆرمێکی ئێجگار کورت نەبوو ئەگەر سەیری دەقە پۆستەریەکان بکەین . بۆ نموونە شێرکۆ بێکەس دوو دیوانی (کازیوە و ئاوێنە بچوکەکان) هەیە. دیوانی ئاوێنە بچوکەکان زیاتر کامڵترە لەڕووی پۆستەریەوە لە کازیوەدا.

لە ڕووی مێژووییەوە مەلکۆ ئەحمەد ئاماژە بەو زاراوانە دەکات لەلای شاعیران بەکارهاتووە کە ئەوە دەسەلمێنێت کە دەقەکان کورتن لە ((دوو توێی (بارگەی یاران) کە سەرجەم شیعرەکانی مامۆستا (هێمن)ی شاعیری لەخۆ گرتووە، وشەی (وردەواڵە) بەکاربراوە وەك ئاماژەیەك بۆ دەقی شیعریی بچوك، هەروەها لەوشەی (پارچە شیعر) لەلای دکتۆر فەرەیدون عەبول بەرزنجی، و (کورتە شیعر) لای مامۆستا حەسیب قەرەداغی، و (شیعری بچووك) لای جەمال شارباژێری و (پێکە شیعر) لا ئازاد دڵزار، و (بروسکە شیعر) لای جەمال ئیسماعیل گردەسۆری لە کۆتا یی هەشتاکان، خونچە شیعر و رستەی شیعریی و کورتیلە شیعر، لە ساڵانی نەوەدەکان لەلای قوبادی جەلیزادە و دڵشاد عبداللە و حسێن لەتیف و مەسعود پەرێشان و عبداللە طاهر بەرزنجی و محسن ئاوارەو کەسانی تریش، تا ئەو ڕادەی زاراوەی نوێی وەك مۆبایلە شیعر و شیعرە مۆبایل هاتە کایەوە)) (ئەحمەد، 2018: 213).
لە ئەدەبی کوردیدا شێرکۆ بێکەس یەکەم کەسە لەسەر دیوانی (کازیوە) نووسیویەتی (پۆستەرە شیعر) لە ساڵانی حەفتاکاندا هەندێ شیعری کورت بەرچاو دەکەوێت بەتایبەتی لای شاعیر (سامی شۆڕش) لە شیعری (کە فەرهاد ئەدوێ) لە گۆڤاری بەیان، ژمارە (8) 1973، لەگەڵ شیعری (دەست ) لە گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژمارە (10)، ساڵی 1974 بڵاوکردۆتەوە.
شیعری (( (ئاو دەزانێ) هیشام تاهیر بەرزنجی لە 1976/1/2 بڵاویکردۆتەوە. بەڵام (شێرکۆ لە کازێوە)دا هەر لەو ساڵانەدا لەو تاکە تاکەوە بۆ ئەزموونێکی تەواو و دەوڵەمەند گواستییەوە، کردی

بە جیهانێکی ڕازاوەی تەواو)) (بەرزنجی، 2018: 96- 97). بەبۆچوونی عەبدوڵلاتاهیر بەرزنجی شێرکۆ بێکەس ئەزموونێکی تەواوی هەبووە.

بەشی دووەم :

**(2 -1) ئەدگارەکانی پۆستەرە شیعری کوردی**

یەکێـــك لە تایبەتمەنـــدییەکانی شـــیعری هاوچەرخـــدا گرنگـــی دانە بە فـــۆرمی شـــیعری، هەر فـــۆرمە و خەســـڵەتی تـــایبەتی خـــۆی هەیە لە دەقێکـــی دی و لە فـــۆرمێکی دی جیـــادەکرێتەوە. فۆرمی پۆستەری ناسنامەی خۆی دیاریی کردووە لەمانە:

1- بیرۆکە:

لە پۆستەرە شیعردا بیروکە زاڵە بەسەر هەموو دەقەکە زۆرجار لە دەقێکی پۆستەرە شیعردا, شاعیر هێندە لە خزمەت بیروکەی شیعرەکە دەبێت فۆرمی شیعرەکە لە یاد دەچێتەوە، هەر ئەمەشە وایکردووە فۆرمی پۆستەر لە ڕووی بەکارهێنانی وشەوە جێگیر نەبێت. ((زۆرجار ئەو شیعرانە لەبەر زاڵبوونی بیرۆکەی شیعرەکە ئەوەندەی هێزو ئەفسوونی گرتنی بیرۆکەکە و نەخشەسازییەکەی جێی بایەخ و گرنگە، ئەوەندە تەکنیك و شێوەکەی گرنگ نییە)) (عبدالواحد، 2011: 166).

(پۆستەرە شیعر) بیرسازییە کار لەسەر چەقی ڕووداوەکە دەکات جەخت لەسەر یەك هەنگاوی ڕووداوەکە دەکاتەوە، بیرۆکە یان تیمە ((بیرۆکەی بابەت،یان بیرۆکەی شیعریەکەی لەسەربنیاد دەنرێت)) (مکاریك،1398: 120) شاعیر هاوێنەی چاوی لەسەر چەقی ڕووداوەکە دادەنێت و پەرش و بڵاوی دەکاتەوە. بیری تەواو خەست و چڕ دەکاتەوە، وەك زەرەبین چۆن هەتاو ڕووناکی لە نوختەیەکدا کۆدەکاتەوە .شاعیریش هەموو چڕ و پوختی و جەخت کردنە سەر پنتێکی سەرەکی دەقەکە بە کورترین کات و بە کەمترین وشە گوزارشت لە بیرۆکەکەی دەکات. ئەندێشە و بیرۆکەی نووسەر کاتێك بنیات دەنرێت کە خەیاڵی شاعیر دەچێتە ئەو دیوی شتەکان لە مێشکی نووسەر گەڵاڵە دەبێت بۆ جارێکی دی ئەم بیرۆکەیە دادەڕێژێتەوە، بە ئیستاتیکییەکی دی وێنەیەکی شیعری دێتە بەرهەم.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

جەخت کردنە سەر یەك ڕووداو خەست بوونەوەی بیری شاعیرە، لە شیعریشدا هەمان کردار دووبارە دەبێتەوە لە کۆتایی دەقەکەدا سەرسام دەبێت. ڕاچڵەکینێکی توندو چاوەڕوان نەکراو لای خوێنەر بوونی دەبێت، ئەمە شتێکی چاوەڕوان نەکراوە لە مێشکی خوێنەر بەدوورە. لەو دیو دەقێکی پۆستەرە شیعریدا چیرۆکێك یان ڕووداوێك بوونی هەیە. لەکاتی خستنەڕووی چیرۆکەکە ڕووداوەکان یەکتری تەواو دەکەن ((خەیاڵی شاعیر وەك موگناتیس یەکەم بیرۆکە ڕائەکێشی و ئەویش یەکێکی ترڕادەکێشێت )) (عومەر، 2001: 31). وێنەکان دەخرێنە پاڵ یەکتری، ئەم هونەرە لە پۆستەرە شیعرییە سەرەتاییەکانی شاعیر شێرکۆ بێکەس بەر دیدی خوێنەر دەکەوێت، بەڵام لە شیعرەکانی دواتر، پاش ئەزموونێکی زۆرتر شاعیر زیاتر جەختی لە کورتی دەق دەکردەوە.

2- زمان:

پەیوەندی نێوان زمان و ڕەهەندەکانی هزری شاعیر گەیاندنی مەبەست و پەیامی شاعیرە، زمانیش لە ڕووی ڕۆڵەوە ئەرکی گەیاندنی هەیە. لە هەمان کاتدا لە فۆڕمی شیعریدا ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بەخشینی ناسنامەی دەقداهەیە، دەسەڵاتی شاعیرش ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە بەکارهێنانی زمانی شیعریدا.

لە پۆستەرە شیعردا ئەو وشەو زاراوانە، کە شاعیر بەکاری دەهێنێت واتا بەخشن و فرە ڕەهەندن . پاشخانی ئەدەبی خوێنەر لە تێگەیشتنی پۆستەرە شیعرەکە ڕۆڵ دەبینێت. ((وشەکان بە پەلە مانا دەبەخشن و وێنەکەش بە خێرایی دەدرەوشێتەوە و لە ڕووی زمانەوە هەست بە جوڵەیەکی خێرای وشەکانی زمان دەکرێت)) ( مەحمەد، 2016: 15) . ئەم فۆڕمە پەیوەندی بە پۆستەرە هەڵواسراوەکانی سەر دیوارەوە هەیە، شاعیر ئاوێتەی ژانری شیعری کردووە، بۆیە وشەکان بە پەلە مانا دەبەخشن تێڕامان لە تابلۆیەك بروسکە ئاسایە بەهۆی ڕەنگ و هێلکارییەوە خۆی دەخزێنێتە هزری بینەرو بینەریش پەی بەنەهێنیەکانی دەبات .

سادەو ساکاریی لە زمانی شیعریدا، سوود وەرگرتنە لە ئەدەبی فۆلکلۆری کوردیدا. گەڕانەوە بۆ فۆلکلۆری بنەمایەك سەرەکی نوێکردنەوەی شیعری کوردییە، زمان ئەگەر لەپۆستەرە شیعر سادەوساکار بێت لەگەڵ ئەوەشە واتای قووڵی لە پشتە . دەسەڵاتی شاعیر ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە بەکارهێنانی زمانی شیعری ئاوێتەکردنی دوو ژانری جیاواز کەتایبەتمەندی هەردوو ژانر وەردەگرێت

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

و لەگەڵ بیرکردنەوەو شارەزایی نووسەر ئاوێتە دەبن. بیرو هزری نووسەر ڕەگەزێکی سەرەکی دەقە ئەدەبییەکەیە ئەمەش ئەزموون و ڕادەی کاریگەری شیعر تێدا بەرجەستە دەبێت.

زمان لە پۆستەرە شیعردا زادەی هەڵقوڵاوی بیری شاعیرە . بیرو هزری شاعیر زەڕەبینێکی گەورەیە، ڕووداوە بچووکەکان بە زمانی شیعری وەك کانییەك دەتەقێتەوە. دەق بەپێی هەندێ لە تیۆرە ڕەخنەییەکان لەسەر بنەمای زمان دەپێورێت و شاعیر لە (پۆستەرە شیعر)دا لەجیاتی وشەساز بێت بیرسازە کار لەسەر ئەوە دەکات بە کەمترین وشە کانییەك بتەقێنێتەوە: ((نەخشەسازیی بیرۆکەیە بە پێچەوانەی (پۆستەر)ی سەر دیواران کە یەکەم جار چاو ئەبڵەق دەکەن، پاشان مێشك نووسی سەرسامی و دەهشەت دەبێ)) (عبدالواحد، 2011: 166). زمانی پۆستەرە شیعر دەلالەت و ئێستاتیکای خۆی ئاشکرا دەکات.

زمان لە بروسکە شیعردا چڕدەبێتەوە بۆ واتایەکی قووڵ هەڵدەکشێت ((زمانی کورتە شیعر بەتایبەتی لە بروسکە شیعرەکاندا خێراتر دەگوزەرێ و وشەکان لە ناوەڕۆکی پەیامەکەدا ماناکانیان چڕتر دەبێتەوەو گەلێ جار لە شێوەی پرسیاردا بە مانادا شۆڕدەبێتەوە مەبەست دەپێکی)) (کەسنەزانی، 2007 : 56) .

ئابووری کردن لە وشەدا و چڕکردنەوەی دەق لە ژمارەیەکی کەمی وشەدا تایبەتمەندی پۆستەرە شیعر دیار دەکات و کۆتاییەکی سەرسوورهێنەری دەبێت کە خوێنەر هەرگیز بە خەیاڵیدا نایێت. ئەمەش هونەرە شاعیر بەکاریدەهێنن. ((قەسیدە تا کورتتر و خەستتر بێت زمانی شیعری بۆ دۆزینەوەی چەقی واتا ئاشکرا بوون بێ ئەرکتر دەبێت)). (مەحموود،2012: 143). دۆزینەوەی چەقی واتا لەناو دەقی پۆستەری یان دەقێکی کورت هزرو لێکدانەوەی خوێنەر سنووردار دەکات جەخت لەسەر پنتی دەق دەکاتەوە بە ناخی دەق ڕوو دەچیت وپەی بە نەهێنیەکانی شاعیر دەبات .

ئابووریکردن لە زمانی کورتە شیعردا یان پۆستەرە شیعردا خەسڵەتی شیعری کورت دیاری دەکات .پۆستەرە شیعر ((دەبێت کورت و چڕو پڕ بێت، بۆ ئەوەی توخمی دیار و نادیار ئامادەبوونێکی دیارو بەرچاویان هەبێت)) (فضل، 1995: 218) . لە شیعری پۆستەریدا، کارامەیی و لێهاتوویی و تەکنیکێکی لێزانانەی دەوێت. بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی گشتگیری ڕووداو بکات کە گوزارشتی لێدەکات.

شیعری کورت تەنیا پەیوەست نییە بە ئابووری کردن لە زماندا، تەکنیکی ئابووری کردن بنەمایی پۆستەرە شیعرە کە دیاری دەکات و ڕادەی سەرکەوتن و پوختی شیعرەکە دیاری دەکات، لەگەڵ گۆڕانی ڕۆژگار و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو پێویستی سەردەم پۆستەرە شیعر هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا گۆڕانکاری بەخۆیەوە بینیووە. ((پۆستەر بە دێڕێکی دیاری کراوەوە ناوەستێ، گرنگ کورتی حاڵەتەکەیە، بەڵام هەندێ جار ئەو حاڵەتە وێنەی زیاتر و دیمەنی زیاتر لەگەڵ خۆی دێنی کەوا دەکات دێڕەکانیش زیاترین)) (کەسنەزانی، 2007: 35) . ئاڵۆزی و تێکەڵاوی لە نێوان دەقەکاندا بوونی هەیە ، ناتوانین کورتی پۆستەرە شیعر دیاری بکەین بڵێن ئەوەندە وشەیە یان ئەوەندە دێڕەیە، بەپێی تواناو لێهاتوویی و دەست ڕەنگینی شاعیر کورتی شیعرەکە دیاری دەکرێت لە نێوا ئەدەبی کوردیدا. ژمارەی دێڕو ڕستەو وشەکان لە پۆستەرە شیعردا نەکراوەتە پێوەر بەسەر شیعردا سەپێنراو بێت.

ئابووری کردنی وشە لە پۆستەرە شیعردا لە بەرژەوەندی شیعر دایە .درێژدادڕی لە بەرژەوەندی شیعروشاعیر دا نییە ((شیعری پوخت و باش بە پێوەر ناپێورێت، بەڵکو پەیوەستە بە خێرایی تروسکەکان هەروەك ڕۆشنکردنەوەی هەورە تریشقە لە یەك چرکەدا)). (قبانی، 1990: 136) . شیعری پۆستەری مەرجدارکراوە بە ئابووری کردن لە وشەو ڕستەدا. شاعیر بیرۆکەی خۆی لە پنتێك چڕدەکاتەوە ((تیشك لەناو چەقی عەدەسەی گەورەکردندا نەمێنی کاری خۆی ناکات، لێرەشدا ئەگەر شاعیر نەتوانێ بابەتەکەی خۆی لە جوغزێکی زۆر بچووکدا کۆبکاتەوە، ئەوە وەك چۆن تیشکەکە بڵاودەبێتەوە، ئەویش هەر بە هەمان شێوە بە دەرچوونی لەناو چەقەکەدا، ڕووداوەکە پەرش و بڵاو دەکاتەوەو چڕو پڕی و لێدانە خێراو پەی دەرپەیەکانی لە کیس دەکات)). (عبدولواحید، 2011: 163). ماهیەتی دەق لەژێر کۆنتڕۆڵ شاعیر دایە، ماهیەتی شیعری پۆستەری لە چڕو پڕیدایە . لە کورتە شیعردا پێویستی بە زاڵ بوونە بەسەر کارامەیەکانی شاعیر تا چەند توانای چڕکردنەوەی شیعرەکەی هەیە. ((لە پۆستەرە شیعردا، کارامەیی هونەری لە چڕکردنەوەدا پێویستیە، یان توانای عەمبارکردنی هەست و سۆز و بیرۆکە، دۆخی شیعریەکە بەرەو باشی دەبات وەسفی دیمەنی ناو دەقە شیعرەکە بە کەمترین وشە جوانترین گوزارشت نیشان بدات)). (الکبیسی، 1992: 243) . سەلیقەو کارامەیی شاعیر لە دەقێکی پۆستەری توانای شیعری شاعیر دیاری دەکات. تا چەند شاعیر توانای چڕکردنەوەی وشەو ڕستەکانی هەیە، بە کەمترین وشە جوانترین گوزارشت پێشکەش بکات.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

4- کۆتایی لەپۆستەرە شیعردا :-

مەرجداربوونی کۆتایی دەقێکی شیعری (پۆستەرە شیعر) بەسەر سوورمان و سەرسام بوون کۆتایی بێت . ئەمە تایبەتمەندی (پۆستەرە شیعر) دیاری دەکات. ((پۆستەرە شیعر بلیتە شیعرەو ئیقاعێکی خێراو بەهێزی هەیە، بۆیە بەبیر و مێشکی تووشی سەرسوورمان دەکات و وەك فلاش ڕووناکی دەکاتەوە، پاشان لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەدا چاو ئەبلەق دەکا)). (عبدالواحد، 2011: 166) . دەقی (پۆستەرە شیعر) ئەنجامی چاوەڕوانەکراو کتوپڕی تێدایە لە زەینی خوێنەر بە دوورە. شێوازەکەی بروسکە ئاسایە. زاراوەی (بروسکە) لە گەلێك کاتی تردا بەکارهاتووە، بەخێرایی زانیارییەکان دەبەخشێت. لە ڕێگای ئێزگەکاندا لە سالانی خەباتدا بەکاردەهێنرا لەبری ئەم زاراوەیە لەناو خەڵك (برقیا) بەکاردەهێنرا. لە ڕێگای ئەلکترونی (Fax) بەکاردەهێنرێت. خەسڵەتی ئەمانە هەمووی خێراییە، ئەم هونەرە بۆ ناو دەقی شیعری (پۆستەرە شیعر) گوازرایتەوە. بروسکە ئاسا پەیامی شیعری بەر دیدی خوێنەر دەکەوێت.

((شێرکۆ بێکەس چەند ساڵێك پێش ئەوەیش لە دیوانی (من تێنوێتیم بەگڕ ئەشکێت) کۆمەڵێك شیعری کورتی هەیە، بەڵام لە شیعرە کورتەکانی کازیوە جیاوحیاوازن)) (بەرزنجی، 2018: 97).

پراکتیزەکردنی بنەماکانی پۆستەرە شیعر لەهەندی دەقی هاوچەرخی کوردیدا :

شاعیرشێرکۆ بێکەس لە شیعری (خۆشەویستیی)دا دەڵێت:

گوێم نا بەدڵی خاکەوە ..
باسی دڵداریی باران و خۆی بۆ کردم
گوێم نا بە دڵی ئاوەوە ..
باسی خۆشەویستیی خۆیی و
سەرچاوەکانی بۆ کردم
گوێم نا بە دڵی دارەوە ..
باسی خۆشەویستیی خۆیی و،
گەڵاکانی بۆ ئەکردم ..
کە گوێشم نا، بە دڵی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

خۆشەویستیی خۆیەوە

باسی سەربەستیی بۆ کردم!        (ل28)

ئەم پۆستەرە شیعرییە لە چوار وێنەی یەك لە دوای یەکی گونجاوی بنیات نراوە. لە وێنەی یەکەمدا: سروشت و شاعیر ئاوێتەی یەکتری بوونە، سروشت وەستاو نییە. وێنەیەکی جولاوە ئەم پەیوەستەش لە مرۆڤ وەرگیراوە

باران + خاك = دڵدار(خاك و باران) پەیوەندییەکی پتەو بەیەکیان دەبەستێتەوە دڵداری یەکترین.

وێنەی دووەم: ئاو وێنەیەکی وەستاوی نییە لە سەرچاوە هەڵدەقوڵێت و دەکەوێتە جووڵە، بەردەوامی بوونی ئاو بۆ سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە، پەیوەستێکی بەهێز لە نێوانیاندا هەیە.

(ئاو + سەرچاوە = خۆشەویستی)

وێنەی سێیەم: لە وێنەی سێیەمدا بە هەمان دیدو ڕوانینی وێنەی یەکەم و دووەمدا بەردەوامی بە دەقەکە دەدات دار و گەڵا پەیوەست بە یەکەوە دوو دڵداری یەك سەرچاوەن تەنیا گەلاڕێزانی پایزان ئەم دوو دڵدارە لە یەك دەکات. (دار + گەڵا = خۆشەویستی).

هەرسێ وێنەی پێشوو هەمان ڕێچکەی یەکترین، بەڵام وێنەی چوارەم: جیا لە وێنەکانی دی شاعیر بە هەناسە و نەفەسێکی دی کار دەکات ،پێچەوانەی وێنەکانی پێش خۆیەتی . شاعیر گوێ بە دڵی خۆشەویستی دەنێت کۆتاییەکی چاوەڕوان نەکراو لە کۆتایی دەقەکە بەرجەستە دەبێت، خوێنەر تووشی سەرسووڕمان دەکات ئەویش داوای سەربەستی دەکات. سروشت پانتاییەکی فراوانی داگیرکردیە. دێڕەکان (1، 2، 3) لەسەر یەك ڕێچکە بنیات نراوە.

2- لە ڕوانگەی زمانیەوە، زمانێکی سادەی بەکارهێناوە وشەکان لە زەینی خوێنەر بوونی هەیە، بەڵام پاشخانێکی هزری گەڕەکە. لە دیدی و ڕوانینی شاعیر نەبێ لە ڕستەو وێنەی شیعری نەبێ ئەم وێنانە لە هزری کەس بوونی نییە.

گوێم نا بە دڵی خاکەوە        باسی دڵداریی باران و خۆی بۆ کردم

شاعیر گوێ بە دڵی خاکەوە نەناوە، بەڵام ئەوەی شەیدای یەکترین (خاکو باران)ە. خاك گوێچکەکانی بۆ دەنگی باران شل کردووە. بە کورترین وشە زۆرترین واتای بەخشیووە.

3- لە سۆنگەی بیرو ئاگاییەوە، شاعیر زۆر وریایانەو بە ئاگایەو وێنەکانی بنیات ناوە (3) وێنەی یەك لەدوای یەکی بۆ خزمەتکردنی وێنەی چوارەم کەکۆتاییە، کە وێنەیەکی سەرسووڕهێنەرە مرۆڤ دەخاتە باری واقوڕماندا ئەویش سروشت داوای سەربەستی بوون دەکات. بەستنەوەی سروشت بە نیشتمان کە سروشت پاژییە، نیشتمان گشتە. شاعیر لەشیعری (دوو دنکەترێ) بەهەناسەیەکی دی کاری کردووەو دەڵێت : **لەباخچەکەی ماڵی ((لاس)) دا**

**گوڵێکی سوورم کردەوە..**
**لەبەردەرگا..**
**((خەزاڵ )) م دی**
**داوای کردو،**
**دام لەقژی**
**لە (( مەڵکەندی ))**

لەم وێنەیەدا شاعیر سوودی لەداستانێکی دڵداری میللەتی کورد وەرگرتووە ، ئەویش (لاس وخەزال)ە. بیرۆکەی ئەم کۆپلە شیعرییە زۆر نزیکە لەدەقی (باخچەی پاشا)ی گۆرانی شاعیر، بەڵام شاعیر ئاماژەی بەوەکردووە لەبەهرەی ئەم دەقەی لەقسەیەکی بێکەس شاعیرەوە وەرگرتووە . گۆرانی شاعیر دەڵێت :

**نایەم بۆ زەماوەن " نایەم بۆ هەڵپەڕکێ**
**بتدایە دڵ بەمن ، بەهەموو مەعناوە**
**دووچەپکت بۆ هێنام لەباخچەی پاشاوە**
پاشان شێرکۆ بێکەس دەڵێت :
**مامە یارەی هەژارم دی**
**خۆم پشکنی**
**هیچم پێ نەبوو.. بیدەمێ**
**لەدوو دەنکە ترێ ڕەشکەی**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## گەییوو زیاتر ..
## کە بیلبیلەی چاوانم بوون !

لەم دەقەدا شاعیر دوو وێنەی شیعری جوانی ئاوەژووی یەکترین بەکاری هێناوە. لەکۆپلەی یەکەم گوڵی لەباخی ماڵی لاسە لێکردۆتەوە لەپاشان خەزاڵ داوای لێکردووە . شاعیرگوڵەکە لەسەروپرچی خەزاڵ دەدات وپێشکەشی دەکات . تا ئێرە وێنەیەکی ئاساییە ، بەڵام لەکۆپلەی دووەمدا شاعیر هیچی شك نەبردووە بداتە مامە یارەی هەژار جگە لەهەردوو بیلبیلەی چاوی کە بەدوو دنگە ترێ ڕەشی چواندووە. کۆتاییەکی سەرسوورهێنەرە لەسەرەتا ی دەقەکە خۆێنەر بیرو هزری بۆ ئەوە ناچێت کەوا شاعیر بلبیلەی چاوەکانی بداتە مامەیارە. دووداستانی تێکەڵ بەیەکتری کردووە (مامە یارە ) ڕەمزی فیداکاری وئازایەتی وکۆڵنەدانە لەگەڵ داستانی (لاس وخەزاڵ )کە داستانێکی دڵدارییە .دەقی پۆستەرە شیعری لای چەندین شاعیری دی نووسراوە ، بەڵام شاعیران ئاماژەیان بەفۆرمەکە نەکردووە.شاعیر( عەبدوڵڵا پەشێو) لە شیعری (دایك) دەڵێت :

بۆ جەمیلە – سەردادەخەم
بۆ ژاندارك و ترێشکۆڤە – سەردادەخەم
بەڵام ،ژنێك ،لەخاکی پڕ مەرگی مندا،
پێ لەجەرگی خۆی بنێت وببێتە داك،
لەبەرپێیدا کڕنوش دەبەم ،
ناوچەوانم دەسووم لەخاك ! دیوانی دوکتور عەبدوڵڵا پەشێو ل 202

لەم دەقەدا شاعیر جەخت لەسەر یەك بیرۆکە دەکاتەوە، ئەویش پیرۆزی ئافرەتە بەگشتی و بەتایبەتی دایك . ناوی چەند ئافرەتێکی ناوداری هێناوە هەریەك لەشوێنێك دەژین،هەریەك لەمانە کەسایەتی خۆیان هەیە، بەڵام لەهەموویان پیرۆزتر دایکە . لەکۆتایی دەقەدا کۆتاییەکی سەر سورهێنەری هەیە سوودی لەم وتەیەوەرگرتووە کە دەڵێت (بەهەشت لەژێر پێ دایك دایە) . لەرووی زمانەوە ئابووریکردنی بەکارهێناوە ،بەڵام وەکو نوسینی دەقێکی پۆستەری ئەمڕۆکە نییە.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

( لەتیف هەڵمەت) ی شاعیر لەدیوانی سرودی هەژاران لەساڵی 1983 لەسەر بەرگی دیوانەکە نووسراوە (هۆنراوە) لەم دیوانەدا لە شیعری (دوو دەست ) دەڵێت :-

دوو دەستم هەیە
بەدەستێکیانم نێرگز دەچێنم
بەوەی تریشیان شیعر دەرِوێنم
لەسەر ئاوێنەی هەموو پەرەیە ...!
*     *     *
دووچاوم هەیە
بەچاوێکیانم  سەرەنجی چاوی گەشی تۆ دەدەم
بەوەی تریشیان تێر دەرِوانمە
ئاسمانی بێ تەم
*    *    *
دوو دڵم هەیە
یەکێکیان متۆی بۆنی گوڵاوی خەندەی تۆ بوە
ئەوەی تریشیان شەیدای لووتکەیە ...!          سرودی هەژاران    ل 14

شاعیر لەتیف هەڵمەت لەم دەقەیدا سێ وینەی یەك لەدوای یەکی خستۆتە رِوو . هەندێك لە ئەندامەکانی لەشی خۆی بەکارهێناوە . هەروێنەیەك بەر یەکێك لەهەستەکان دەکەوێت . وێنەی یەکەم دوو دەستی هەیە . دەستەکانیش رِەهەندی جوانییان هەیە بەیەکێکیان نێرگز دەچێنت ، بەدەستەکەی دی شیعر دەنووسێت . دەستەکان هێزی خێرن لەکۆتاییدا شاعیر کۆتاییەکی نادیاری خستۆتە رِوو . لەکۆپلەی دووەم بەهەمان شێوەی وێنەی یەکەم  دووچاوەکە خاوەنی هێزی خێرن . ئەویش چاوی گەش وجوانی یارە ، چاوی دووەمی شاعیر بەوهیوایە دەژێت کە نیشتمانەکەی خۆی بەبێ ئاژاوەو و ناخوشی ببینێت .

وێنەی سێیەم   شاعیر زێدەرِوویی تێدا کردووە مرۆڤ هیچ کاتێك دوودڵی نەبووە ، ئەم وێنەیە تەنیا لەدەقی شـــیعری بەرجەســـتە دەبێت . دلێك هۆگری بۆن وپێکەنیی ئازیزە ، دلەکەی دیش شـــەیداو

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

تێنووی ئازادیە . لەکۆتاییی دەقەکە نیشـــانەی ســـەرســـوورمانیشـــی بەکارهێناوە .ئەمەش مەرجی پۆستەرە شیعرە . شاعیر قوبادی جەلی زادە لەدیوانە شیعری (تەمتوماندا) لەشیعری (گومان) دا کە لەساڵی 1990 چاپکراوە . دەڵێت :-

دایکم لەسەر (بەرماڵ)یّ مرد
پیرە بابیش،
لەبەرقاپی مەیخانەیێ
من لەنێوان
منارە
و
قاپی ئارەقا
سواڵکەرێکی خافزم!! شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات 176

شـــاعیر لەم دەقەدا وێنەی یەکەمی وێنەیەکی ئـاینی جوانی خســـتۆتە ڕوو . هەموو تـاکێکی موســـوڵمان حەز دەکات لە حوزوری خودا بەجوانی وپاکی بمرێت . جوانترین مردن لای تاکی موسـوڵمان مردنی سـەر بەرماڵە . لەوێنەی دووەم بیرۆکەکەی ئاوەژوو بوەتەوە باوکیشـی لەبەردەم مەیخانە مردووە کەهیچ تاکێکی موســولمان حەزی لەومردنە نییە .شــاعیر دوو وێنەی دژی لەیەك دەقدا جێگای کردۆتەوە . کۆتایەکی سەرسورهێنەری بنیادناوە ئەویش کەسایەتی شاعیرە پەروەردە بوون لەنێوان دوو ڕێچکەی جیاواز دا .

## ئەنجام :

لەکۆتاییی ئەم تۆێژنەوەیدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە :-

1) پۆستەرە شیعر زادەی بەرهەمی ئەدەبی هاوچەرخە ،ئەگەر چی لەئەدەبی کۆندا فۆرمی کورت بوونی هەیە ، بەڵام بەو ڕوانیینە نۆیەی ئەمڕودا بوونی نییە .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

2) شێركۆ بێكەس یەكەم شاعیری كوردە لەسەربەرگی دیوانی كازیوە فۆرمی شیعریەكەی دیاریكردووە ئەم فۆرمەی لەتاك بەرهەمی بۆ كۆبەرهەمی گواستۆتەوە .
3) فۆرمی پۆستەرە شیعر خاوەن تایبەتمەندی خۆیەتی كە جەخت لەسەریەك بیرۆكە دەكاتەوە ئەو دەقانەی شیكراونەتەوە هەموویان جەختیان لەسەر یەك بیرۆكە كردۆتەوە.
4) ئابووری كردن لەوشەكانیدا بەكاردەهێنێن . هەر وەك لەشیعری (گومان)ی قوبادی جەلی زادە بەوشەیەكی كەم واتایەكی زۆر بەدەستەوە دەدات . بەمە هونەری كورتبڕی لەدەقی پۆستەرە شیعردا پەیڕەو كراوە .
5) زۆربەی دەقەكان خوێنەر لەكۆتایی دەقەكە تووشی واقوڕمان وسەرسامی دەبێت هەروەك لە دەقی (خۆشەویستی وگومان)دا.
6) لەدەقی (دایك)دا لای عەبدوڵلا پەشێودا زمانی دەق چڕدەكرێتەوە ،چڕكردنەوەی دەق لە ژمارەیەكی كەمی وشەدا تایبەتمەندی پۆستەرە شیعر دیار دەكات .
7) شیعری كورت فۆرمی زۆرە ،كە هاوسنووری یەكترن لە بەكارهێنانی تەكنیكی كورتبڕی هاوشێوەی یەكترن وەك پۆستەرە شیعرە وهایكۆدا.
8) لەسەرەتای سەرهەڵدانی پۆستەرە شیعردا ژمارەی وشەكانی نەبووەتە پێوەرێك دەقی (دوودەست) ی لەتیف هەڵمەت لەڕووی فۆرمەوە درێژە .

## سەرچاوەكان

### سەرچاوە كوردیەكان:-

1. ئەحمەد ،ملكۆ (2018). هایكۆ لە ژاپۆنەوە بۆ كوردستان ،چاپخانەی كارۆ.
2. بەرزنجی ، عەبدوڵلا تاهیر (2018) . هیشام تاهیر بەرزنجی دەنگیكی دیاری حەفتاكانی سەدەی ڕابردوو،چاپخانەی تاران ، بەبێ شوێنی چاپ.
3. بێكەس، شێركۆ (1978).كازیوە ، چاپخانەی زانكۆی سلێمانی ، سلێمانی .
4. بێكەس، شێركۆ (2013).نووسین بەئاوی خۆڵەمێش، لەزنجیرە بڵاوكراوەكانی غەزەلنووس ، سلێمانی .
5. پەشێو، عەبدوڵلا (2002) .دیوانی دكتور عەبدوڵلا،چاپی یەكەم ،سوید.
6. تاقانە ، ئەحمەد (2012) .ڕۆچوون بەناخی هەڵبەستدا ،دەزگای چاپ وبڵاوكردنەوەی ئاراس ، هەولێر.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

7. خەزنەدار ،مارف (2001). مێژووی ئەدەبی کوردی ، بەرگی(1) ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.
8. رەشید ،فواد (2007). دەقی ئەدەبی "ئەدگار.چێژ.بەها"،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.
9. عبدالله ،ئیدریس (2019) . ئەدەبی هاوچەرخی کوردی ، چاپخانەی التفسیر، هەولێر .
10. عبدالواحید،ئازاد (1978). پۆستەر لەپەڕاوێزیکی ڕەخنەیی ، گۆڤاری .بەیان ، ژ(52) ،تشرینی دووەم ،بەغدا .
11. عبدالواحید،ئازاد (2011). کولتووروناسنامە ، چاپخانەی ڕۆشنبیری ، هەولێر.
12. عەلی ،دڵشاد (1998). بنیاتی هەڵبەست لەهۆنراوەی کوردیدا ،چاپخانەی ڕەنج سلێمانی
13. عومەر، یاسین (2001). ئەزموون ،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم ، سلێمانی .
14. زادە ،قوبادی جەلی (2007). شەهید بەتەنیا پیاسە دەکات ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر.
15. کەسنەزانی،بوشرا (2007).پوستەرە شیعری کوردی وهایکۆی ژاپۆنی،بەبێ شوێنی چاپ.
16. مەلاکەریم ، مەحمەد (2004). دیوانی گۆران ، نێوەندی چاپ وپەخشی ڕێنما ، سلێمانیی.
17. مەحمود،ئازادئەحمەد (2012). بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا ،چاپخانەی حاجی هاشم ، هەولێر.
18. هەڵمەت ، لەتیف (1983) . سرودی هەژاران ،چاپخانەی الحوادث ، بەغدا

**سەرچاوە عەرەبییەکان :-**

19. فضل ،صلاح (1993) . اساليب الشعريةالمعاصرة، دار الاداب – بيروت .
20. الكبيسي ، طراد (1992). كتاب النزلات ، دار الشون الثقافة العامة ، بغداد.
21. قبانى، نزار (1990).لعبت باتقان وهاهي مفاتيحي ،ط(1)، بيروت .
22. سەرچاوە فارسییەکان :-
23. ريام مكاريك، ايرنا (1398) .دانشنامەی نظريەهايادبى معاصر. ترجمەی مهران مهاجر.
24. محمد نبوى. تهران: نرش آگه، چاپ سوم.
25. داد ، سـيما (1390). نظريەی ادبيات . ترجمة ضـياء موحد وپرويز مهاجر . انتشـارات نيلوفر .چاپ سـوم ،تهران
26. شميسا ، سيروس (1394).انواع ادبى (ويراش چهارم)،تهران
27. معرفت ،انوەر (1395). سر اغاز شعر نو كردى وتحول فرم هاى ان ، تهران .
28. گۆڤارەکان : -
29. دەشتی ،عوسمان (د) (2021). ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان ،گۆڤاری ڕامان ،ژ ( 279-280 ) ،هەولێر.
30. دەشتی ،عوسمان (د) (2021). ئاوێتەبوونی ژانرە ئەدەبییەکان ،گۆڤاری. ڕامان ،ژ ( 281 -282 ) ،هەولێر.

**نامە ئەکادیمی :**

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٨) – ژمارە(١)، بەهار ٢٠٢٣
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

31. محەمەد ،شەیدا (2016) . شێواز لەشیعرەکانی شێرکۆ بێکەسدا ، قۆناغی دوای بزوتنەوەی ڕوانگە، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی .

## قالب ملصق الشعر فى الشعر المعاصر الكردى

**الملخص :**

يندرج هذا البحث تحت عنوان "قالب قالب ملصق الشعر فى الشعر المعاصر الكردى"
ويطبق نص أدبي في مجالين رئيسيين: الشكل، المحتوى. وفي هذا البحث ، يبحث عن شكل الشعر والذي يضم الشكل الشعري الطويل والقصير. تاريخيا، مر الشكل الشعري الكردي بعدة مراحل، وهنا اخترنا الشكل الشعري القصير في النص الشعري القصير. من حيث المفاهيم واللهجات والصفات ، وحاول البحث عرض ابرز المشاهد التصويرية أو الملصقات شعرية ، مع اختيار نصوص المشاهد التصويرية وممارسة مبادئ وصفات الملصقات الشعرية .
واستند اشكالية البحث على مبادئ البحث وأجزائه، وفي المقابل سيتم تسجيل نتائج البحث على ضوء الدراسة، ومن ابرز هذه النتائج توصلنا إلى النقطة الرئيسية فى البحث ،الشعراء في بعض النصوص لم يستطيعوا تطبيق من متابعة الشكل القصير للملصقات الشعرية بشكل كامل.

## Form Poetry Posterin Contem Porary Kurdish Poetry

**Lect. Parween Abdullah khudhur**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University. Erbil, Kurdish Region, Iraq
barween.khudhur@su.edu.krd

**Prof. Dr. Fuad Rashid Mohammd**
Department of Kurdish Language, College of Basic Education, Salahaddin University. Erbil, Kurdish Region, Iraq
fuad.mohammd@su.edu.krd

***Keywords:*** *Pictorial Poetry, Economic, Lightning, Amazing End Form.*

## Abstract

This research falls under the title " Form poetry posterin contem porary Kurdish poetry” which is trying to present the form of a "poetic poster" in Kurdish literature,

and it applies a literary text in two main areas: form and content. In this research, he searches for the form of hair, which includes the form of long and short poetry. Historically, the Kurdish poetic form passed through several stages, and here we chose the short poetic form in the short poetic text. In terms of concepts, dialects and qualities, this research tried to display the most prominent pictorial scenes or poetic posters, with the selection of texts of pictorial scenes and the practice of the principles and recipes of poetic posters on some texts.

The issues of the research were based on the principles and parts of the research. However, the results of the research will be indicated in the light of the study, and among the most prominent of these results, we found that the main point of the researches, poets in some texts could not fully implement the poetic posters.